## ناڵە حەسەن:

# کارەسات و ئافاتی میللەتی ئێمە لێرەوەیە کە لە کۆمەڵگەیەکی شەش ملیۆنیدا، شەش رووناکبیر و شەش رەخنەگری جیدیمان هەبێ



هەڤپەیڤین: رابەر فاریق

**ئەگەر باس لە پێوەندیی راگەیاندن و داهێنانیش بکەین، ئەوە پێموایە کە راگەیاندن پێوەندییەکی ئەوتۆ و کاریگەرییەکی ئەوتۆی بە داهێنانەوە نییە**

جۆرێک لە هێمنییەکی سەیر لە شیعری "نالە حەسەن"دا دەبینرێت، ئەم هێمنییە لە کەسایەتییەوە پەڕیوەتەوە نێو ئەزموونی نووسینی. کەواتە نووسین تەرجەمەکردنی روانینەکانی مرۆڤە بۆ سەر کاغەز. لەم دیمانەیەی خوارەوەدا "نالە حەسەن" بە شێوەیەکی هێمن لە بارەی پرسیارەکانەوە وەڵامەکانی خستوونەتە روو، لە سەرەوەختی خوێندنەوەشیاندا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم شاعیر و نووسەرە، بە شێوەیەکی بەرفراوان ئاگەداری ئەدەب و رەهەندەکانییەتی، هاوکاتیش رۆشنبیرییە، هەم لە خۆرهەڵات و هەم لە خۆرئاوایش. ئێستەش سێ کتێبی ئامادەن بۆ چاپکردن کە بریتین لەمانە: دیوانێکی شیعر، رۆمانێک، کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە و دیراسە و بابەتی وەرگێڕان لە سەر هونەری شێوەکاری، هاوکات لە پاڵ ئەمانەشدا، لە زۆرێک کۆوار و رۆژنامەکانی کوردستان، هەندێک لە ماڵپەڕە کوردییەکانیش، بەردەوام شیعر و نووسین و بابەتی جۆراوجۆری بڵاو کردوونەتەوە.

* کەسانێک هەن زۆر بە داخراوەیی و سانایی پێکهاتە و لایەنەکانی مەجازیی دەق هەڵدەسەنگێنن، بە واتایەکی تر: تەنیا دەڵێن "ئەم دەقە جوانە"، یان "ئەم دەقە ناشیرینە"، بە بێ ئەوەی بپرسن: بۆچی جوانە، یان ناشیرینە؟ هۆکاری ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنانە بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟

– من پێموایە کات بە خەرجدانێکی بە خۆڕاییە، ئەگەر خۆمان بخەینە نێو گێژاو، یان بازنەی خوێندنەوە سەرپێییەکان و حوکمدانە سەرپێییەکانەوە. ئەم جۆرە خوێندنەوە و حوکمدانانە، دوور و نزیک پێوەندییان بە شیعر و نووسین و داهێنانەوە نییە، ئەوەتا "ئەزرا پاوەند" داینەمۆ و روح و هەناسەی نوێخوازی و هاوچەرخی شیعری ئەمریکییە، هەروەها "ئێف ئار لیڤیس" کە نووسەرێکی دیاری ئەو سەردەمانەیە، لە کتێبێکدا دەنووسێت: «ناتوانم باوەڕ بە پەخشانە شیعرییەکانم بێنم، تا لەگەڵ پەخشانە شیعرییەکانی ئەزرا پاوەند سەدایان نەبێ». زۆرێک لە شاعیرانی نوێخوازی ئەو سەردەمانەی خۆی، هاوکات نەوەکانی دوای خۆیشی، لە ژێر کاریگەرییەکانی ئەمدا بوونە، کەچی کەسانێک بە ئاگاهانە ویستوویانە لە بایەخی داهێنانەکانی کەم بکەنەوە و دەیانگوت:



"پاوەند شیعرەکانی سەرەتای داهێنانی تێدا بوو، بەڵام شیعرەکانی ئێستای هیچ داهێنانێکیان تێدا نییە، بەڵکو تەنیا شتێکی ئەدڤەرتازیانەیە و هیچی تر".

من باوەڕم وایە کە داهێنان شتێکی دیکەیە، دوورە لەم قسە

## داهێنان، روانین و قووڵبوونەوە و دۆزینەوەی رووناکییە لە نێو رووبەرە تاریکەکانی ژیاندا

فـرێدان و خـوێندنـەوەی رووکـەشـیـانە. داهێنان، روانین و قـووڵبـوونەوە و دۆزینـەوەی رووناکـیـیـە لە نێـو رووبەرە تاریکەکانی ژیاندا. داهێنان ئەو پلە و ئاستەیە کە شکسپیر و دۆستـۆیڤسکی و بتهـۆڤن و داڤنشی و بۆدلێـر و سـەدان مرۆڤی گەورەی تر پێی گەیشتوون، کە بۆ تا هـەتایە مێژووی مـرۆڤـایەتی شـانازیـیـان پێوە دەکـات، هاوکـات هەمـیـشـە ستایشیان دەکات.

"سـیگمـۆند فـرۆید" لە بارەی دۆستـۆیڤـسکی و داهێنانەکانییەوە دەڵێت: "خاڵێکی پڕشنگدار لە مەعریفەی دۆستۆیڤسکیدا ئەوەیە کە خۆشەویستییەکی بێ سنووری بۆ ئازادیی مرۆڤ و مرۆڤایەتی هەبووە"، یان دەڵێت: "وەها پێویست دەکات کە ئایندەی مرۆڤایەتی سوپاسگوزاریی دۆستۆیڤسکی بکات". کەسی داهێنەر لە ژێر سایەی ئەو ساباتە رادەکشێت، کە گەڵاکانی بە جوانی و خۆشەویستی و سەروەریی مرۆڤ داپۆشراون. ئەم چەمکانە پڕاوپڕن لە بەها ئێستێتیکییەکان.

## داهێنان جێگەی دڵڕەشی و بوغز و رق و قینەی تێدا نابێتەوە

داهێنان جێگەی دڵڕەشی و بوغز و رق و قینەی تێدا نابێتەوە. داهێنان جێگەیەکی نییە بۆ مەبەست و مەرامی ئەو کەسانەی کە بە ئاگاهانە و بە نوێژی نیوەڕۆ لە هەوڵی کەمکردنەوەی بەهای جوانی و داهێنانەکانی کەسانی ترن، وەک ئەو هەوڵە شەرمنۆکانەی بە پاساوی بێ بناغەی نا ئەدەبی، رۆمانێکی پێنج سەد- شەش سەد لاپەڕەیی رەت دەکەنەوە، کە لە بنەڕەتیشدا رۆمانەکە پڕاوپڕە لە داهێنان، یان بە مەبەستی جۆراوجۆر لە هەوڵی کەمکردنەوە و بێ بایەخکردنی داهێنانەکانی "شێرکۆ بێکەس"ی شاعیرن، کە هەمووشمان دەزانین نیو سەدەیە ئەم شاعیرەمان خەریکی نوێبوونەوە و داهێنانە.

## جوانی و ناشیرینی دوو چەمکی رێژەیین لە هەموو شتێکدا



دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێت، کە جوانی و ناشیرینی دوو چەمکی رێژەیین لە هەموو شتێکدا، پاشان ناتوانین بە هیچ دەقێک بڵێین ئەم دەقە "ناشیرین"ە، دەکرێت خوێندنەوەی

جیاوازمان بۆی هەبێ، قسەی جۆراوجۆرمان لەبارەیەوە هەبێ، دەکرێت بڵێین زمان لەم دەقە شیعرییەدا وەک پێویست چڕ نەبووەتەوە، دەکرێت بڵێین وشەکان و وێنەکانی ئەم دەقە شیعرییە نەگونجاو و ناتەبان لەگەڵ یەکتریدا... دەکرێت لە هەر دەقێکی شیعریدا رەخنەی شیعرییانە بگرین، چونکە هیچ دەقێک لە سەرووی رەخنەوە نییە! لە هەمان کاتیشدا هەموو دەقێک، بە جۆرێک لە جۆرەکان رێژەیەک لە جوانیی تێدایە، وەک چۆن هەموو رەنگەکانی سروشت وەک یەکتری سەرنجڕاکێش نین، وەک چۆن هەموو ژان و ئازار و خەمەکانی مرۆڤ وەک یەکتری بە سۆ نین، وەک چۆن هاژە و ورشەی هەموو تاڤگەکان و شەپۆلەکانی سروشت وەک یەکتری نین، ئاساییە جوانیی نێو دەقەکانیش هەموویان وەک یەکتری نەبن. لە ئەنجامدا، هۆکارەکان هەرچییەک بن، گرینگ نییە، بەڵکو ئەمە گرینگە کە لێکدانەوەکان پێوەندییان بە نووسین و داهێنان و بەهاکانی جوانییەوە نییە، بەڵکو شتی ترن...

* کەنگێ دەتوانین بڵێین ئەم ئەدەبە "زارەکییە" و ئەوی تر بە "نووسراوکراو"ە، هاوکات ئەو رەخنەیە "بنیاتنەر"ە و ئەویدی "رووخێنەر"ە؟ ئەم دابەشکردن و هەڵسەنگاندنانە لە چییەوە سەرچاوەیان گرتووە و کەنگێ و بۆچی دەتوانین ئەم پرسیار و پێودانگانە دەربڕین؟ ئەگەر پێویستیش نییە باسیان بکەین، هۆکارەکان کامانەن؟

– هەموو ئەدەبێک کە لە رێگەی دەمەوە دەگوازرێتەوە، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی، یان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی، پێی دەڵێن "ئەدەبی زارەکی". بۆ نموونە: فۆلکلۆر، ئەدەبی فۆلکلۆر بە هەموو شێوە و لقەکانییەوە ئەدەبێکی زارەکییە، چونکە لە رێگەی دەمەوە دەگوازرێتەوە، بەڵام ئەدەبی نووسراو جیاوازە، ئەدەبێکی رێنووسکراوە، واتە نووسراوەتەوە، هاوکات جیاوازیش زۆرە لە نێوان ئەم دوو شێوازانەدا، واتە شێوازی زارەکی و شێوازی بە رێنووسکراو، ئەمەیش چ لە رووی شێوە و ناوەڕۆکەوە بێ، چ لە رووی زمانەوە. ئەدەبی زارەکی زیاتر بە زمانێکی سادە و ساکار دەگوترێت، هەروەها مانایەکی روون و ئاشکرای هەیە، بە مەبەستی تیژتر گەیاندنی مەبەستەکان و ئاسانتر بۆ تێگەیشتن و گواستنەوە و پاراستنی. دەکرێ ئەدەبی زارەکیی بشنووسرێتەوە، بۆ ئەوەی لە فەوتان رزگاری ببێت، بەڵام لە بارەی رەخنەی رووخێنەر و بنیاتنەرەوە، با لە سەرەتاوە قسە لەسەر رەخنەی رووخێنەر بکەین، بەر لەوەی



بێینە سەر ئەو هۆکارانەی لە کوێوە رەخنەکە رووخێنەرە، حەزدەکەم ئەوەش بڵێم: زۆر جار ئەم وشەیە لە شوێنی خۆی بە کار ناهێنرێ، بۆ نموونە: هەر کەسێک، یان لایەنێک کە رەخنە و گلەییەکیان ئاراستە دەکرێ، یان رووبەڕووی نارەزایی دەبنەوە، سوود لەم دەستەواژەیە دەبینن و رەخنە و گلەیی و نارەزایەتییەکان بە رەخنەی رووخێنەر ناو دەبەن. ئەمە لە شێوە گشتییەکەیدا، بەڵام ئەگەر قسە لەسەر دەق و رەخنە بکەین، لەم رووبەرە باس لە رەخنەی رووخێنەر بکەین، دەتوانین بەو رەخنانە بڵێین رەخنەی رووخێنەر کە "رەخنەگر ئیشی لەسەر دەقەکە نەکردبێت!"، بینیومانە و زۆریشمان خوێندووەتەوە کە رەخنەگر لە بری دەق، زۆر جار رەخنەی لە چۆنیەتیی ژیانی نووسەرەکە گرتووە، لە عەیب و عارەکانی، لە بیروباوەڕی، تەنانەت لە ژیانی تایبەتی و شتە تاکەکەسییەکانیشی.

بە کورتی ئەم رەخنەگرە لە هەموو شتێکی بەرامبەرەکەی رەخنەی گرتووە، تەنیا لە دەقەکە نەبێت! لێرەوە رەخنەکە ناچێتە نێو خانەی رەخنەوە، هەروەها خوێندنەوەکەش بایەخی پێ نادرێ، چونکە رەخنەکە خوێندنەوەیەک نییە بۆ دەقەکە، بە مانای ئەوەی کە رەخنەکە هیچ خزمەتێک بە پرۆسەی نووسین و داهێنان ناکات، هیچ دەستگرتنێک و کۆمەکێکیش بە دەقنووس ناگەیەنێت.

لە بارەی رەخنەی بنیاتنەریشەوە، ئەو رەخنەیەیە کە "رەخنەگر ئیش لەسەر دەقەکە بکات"، هاوکات پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان رەخنەگر وەک خوێنەرێک و دەقەکەدا هەبێت، وەک ئەو پێوەندییە توندوتۆڵەی نێوان خوێنەر و دەق کە "رۆلان بارت" لە گوتاری "مەرگی نووسەر"دا باسی دەکات، چونکە کاتێک ئەو پێوەندییە توندوتۆڵە هەبێت، مەعلومە رەخنەگر یان خوێنەر، بە نێو قووڵاییەکانی دەقەکەدا شۆڕ دەبێتەوە، لە ئاکامیشدا خوێندنەوەیەکی دروستی لەسەر دەقەکە دەست دەکەوێت.

رەخنەگرتن، بڕیاردانێکی خێرا نییە، بە واتەیەکی دی: بە مانای جیاکردنەوەی رەش و سپیی نییە لە یەکتری، لە ئاکامی ئیشکردن لەسەر میتۆدەکان و قووڵبوونەوە بە نێو دەقدا، بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی دی، بە گۆشەنیگا و بە روانینێکی ترەوەیە، چونکە هەموو رەخنەیەکی جیدی، خۆی لە خۆیدا یان لە بنەڕەتدا داهێنانێکی جیدییە، هەروەک "ئەریک فرۆم" لەم بارەیەوە دەڵێت: ""بیری داهێنان هەمیشە لە بیری رەخنەدایە، چونکە دوورم دەخاتەوە لە نارۆشنی و لێڵبینی؛ هۆشیارم دەکاتەوە و نزیکم دەکاتەوە لە حەقیقەتی "راستی"، بۆیە رەخنەگر دەبێت لەسەر ئەم بنەمایە ئیش بکات، هاوکات میتۆدەکانیشی بۆ ئەم مەبەستە بخاتە کار""، نەک شتگەلی بێمانا و نا پەیوەست بە رەخنەوە.



* ئەو ڕێگەیانە کامانەن کە دەبن بە پردی پێوەندیی قووڵی نێوان "نووسەر و وەرگر"؟ بۆ ئەوەی سیحرێکی ئاگاییانە بچەسپێنرێ لە فیکری خوێنەردا، تا تێکەڵبوون و هاوسەستییەکی ڕەگئاژۆیی بخولقێت، ئەو خاڵە سەرەکییانە چین، کە لە وەها کاتێکدا کۆمەکمان دەکەن؟

– بە بڕوای من، دەقی سەرکەوتوو پێویستە وەک ئاوێنەیەک بێت، تا خوێنەر خۆی و دیوی ناوەوەی خۆی لە نێودا ببینێ. دەق دەبێت خوێنەر سەرسام بکات و پڕی بکات لە تامەزرۆیی، دەق دەبێت وەک مافوورێکی سیحری وابێ، خوێنەر لەسەر پشتی خۆیدا هەڵگرێ و بیبات، کیشوەر بە کیشوەری نێو غەریزە و خەونەکانی بیگێڕێ! ئاسمان بە ئاسمانی حەز و ئارەزووەکانی بیگێڕێ، خەنیی بکا لەگەڵ چێژ و دەموچاوی پڕ بکات لە زەردەخەنە، هەندێک جاریش تا ئەندازەی ترس، پڕی بکات لە نیگەرانی، لە نێو سەرسڕمان و شاگەشکەیی بیهێڵێتەوە، واتە نەهێڵێت چاوەکانی بتروکێنێ، بەڵکو وەهای لێ بکات کە هەر بڕوانێت!

"**ئۆکتاڤیۆ پاز**" لە کتێبی "لەسەر شاعیران و ئەوانی تریش"ەوە، باس لە داهێنانە شیعرییەکانی "واڵت ویتمان" دەکات: چۆن بە "خەونی ئەدەبی ئەمریکا" ناویان دەبرد، یەکێک لەو شاعیرە مۆدێرنیستانە بوو کە خەونی مرۆڤایەتی و ژیانی واقیعی- کۆمەڵایەتیی بە هەموو پێکهاتەکانییەوە هێنابووە نێو شیعرەکانییەوە"، کەواتە: خوێنەر لەم جۆرە دەقانەدا، نەک تەنیا خۆی، بەڵکو ژیانی خۆی و دەوروبەرەکەیشی تێدا دەبینێتەوە! دەقنووس لە ڕێگەی زمانەوە، بۆ قووڵترین قووڵییەکانی نێو ناخی خۆی، بۆ ڕووبەرە پەنهانەکانی نێو خەون و خەیاڵەکانی شۆڕ دەبێتەوە، بوخچە شاراوەکان و چەپێنراوەکانی حەز و ئارەزووەکانی دەکاتەوە، یان خەمە گەورە و بچووکەکانی دەهێنێتە نێو پانتایی دەقەکەی. ئەم جۆرە دەقانە، جودا لەوەی دەبنە ئاوێنەیەک بۆ خوێنەر، لە هەمان کاتدا خۆیان دەخزێننە نێو خەیاڵەکانی خوێنەر، لەوێشەوە تێکەڵ بە یادەوەرییەکانی خوێنەر دەبن، دواجاریش هەر لەوێدا دەمێننەوە. مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم: ئەم جۆرە دەقانە دەبن بە بەشێک لە خوێنەر، بۆیە بۆ ماوەیەکی زۆر لە بیر و لە نێو خەیاڵی خوێنەردا دەمێننەوە.



* لە مرۆڤدا شیعر و قسەی ئاسایی تێکچڕژانێکی ریشەییان لە خۆ گرتووە، ئەگەرچی ئەم جۆرەی دەق نووسین لە ئەورووپادا ئەزموون کراوە، بەڵام شاعیرانی

ئێمەیش سوودیان لێی وەرگرتووە. ئەم تێکەڵاوبوون و سوودوەرگرتنە، تا چ ئاستێک لە خزمەتی ئەدەبی کورددا بووە؟

-: پێم وایە لەسەر ئاستێکی بەرفراوان شیعرنووسین رووی لە شەفافیەت و خۆ سادەکردنەوەیە، بەڵام نەک بەو مانایەی سیما و شێوازی شیعرییانەی خۆی لە دەست بدا. لە نێو شیعری ئێستەی "کەنەدی" و "ئەمریکی"شدا جۆرێک لەم شەفافیەتە هەستی پێ دەکرێ، لە نێو شیعر و ئەدەبی کوردیشدا شاعیرمان هەیە بە زمانێکی سادە دەنووسێت، بەڵام داهێنانی گەورەی کردووە، مەبەستمە ئەوە بڵێم: بە زمانێکی سادە نووسین، بە مانای کاڵبوونەوە و سڕینەوەی داهێنان نییە لە دەقدا.

زۆر گرینگە ئەگەر بتوانیت سادە بنووسیت، لە هەمان کاتدا داهێنان بکەیت، لە نوێبوونەوەشدا بیت، هەروەک "تی. ئێس. ئیلیەت" لە کتێبی "رەخنەگرتن لە رەخنەدا" باس لەوە دەکات، کە چەند گرینگە شاعیر- بە تایبەت شاعیرە تازەکان- هەمیشە لە گۆڕان و نوێبوونەوەدا بن، هەروەها سوود لە نەوەی پێش خۆیان ببینن و بەجێیان بهێڵن و سنوورێکی تر تێ بپەڕێنن.

ئیلیەت پێی وابوو کە گۆڕان و نوێبوونەوەش رەگەکانیان لە دوێنێدایە، گرینگ نییە بە چ زمانێک دەنووسی، بەڵام گرینگە ئەوەت لە لا رۆشن بێت کە زمانی شیعر، زمانی خودێکی نا ئارام و یاخی و سەرکەشە، زمانی شیعر زمانی هەورە تریشقەیە، دەکرێت هەندێ جار ئاگر لە هەموو شتێک بەربدەیت، یان زمانی روخسارێکی نا جێگیرە و رەگەکانی لە نێو جیوەدایە، لەوانەیە هەندێک جار رێگەت پێ بدا لە کەنار دەریاوە پشوویەک بدەیت و لە نێو ئەتمۆسفیرێکی رۆمانسییانە لە جوانییەکانی ئاو بنۆڕیت، هەندێ جاریش رۆ بچیت بە نێو قووڵاییەکانی دەریا و لەسەر پشتی شەپۆلە سەرشێتەکان، لەگەڵ رەشەبا و برووسکە و سروودەکانی یاخیبوون، لە پێناو بوون و جوانی و ئازادیی مرۆڤ گۆرانی بڵێیت.

زمانی شیعر، زمانی خودێکی دەروون شێواو و نەخۆشە، یان روحێکی "ڤانکوخ"یانەی لێوانلێو لە عەشق و جوانی، دەمێک ئارام و دەمێکیش بەگژ خوا و داروبەرددا چوونەوەیە. نووسەر ئازادە بە چ زمانێک دەنووسێ، زمانێکی ئاسان یان چڕ و تێکچڕژاو، گرینگ ئەوەیە روئیایەکی مۆدێرن و پێشکەوتووانەی هەبێ، نەک لە نێو واقیعی کۆمەڵایەتیی ناوچەگەری گیربخۆیت و لە نێویدا خۆت ون بکەیت. ئلیەت هەر لەم کتێبەدا باس لە گرینگیی روئیای جیهانیانەی شاعیری نوێخواز دەکات، هاوکات روئیای تەسکبینی ناوچەگەرێتی Cosmoporitanism رەت دەکاتەوە.



ئیلیەت لەو گوتارەیدا -بۆ نموونە- باس لە هەوڵە جوانەکانی "ئەدگار ئالان پۆ" دەکات، کە چۆن وەک نووسەرێکی ئازادیخواز و مرۆڤدۆست روئیا و بیرکردنەوەکانی جیهانی و گەردوونین، هاوکات ئەوەش دەڵێت: باوەڕ ناکەم کەسێک، یان نووسەرێک روئیایەکی جیهانیانیی هەبێت، بە بێ ئەوەی بە نێو بازنەی ناوچەگەرێتیدا رەت بووبێ. بەو مانایەی: تۆ ناتوانیت واقیعی کۆمەڵایەتی و ژیان و خەمەکانی خۆت فەرامۆش بکەیت، لەو سەریشەوە باس لە روئیایەکی جیهانی و خەم و ئومێدە گەردوونییەکان بکەی. واتە: وەها دروستە لە نێو واقیعی کۆمەڵایەتیی خۆتەوە بەرەو دنیا و لە نێو خەم و ناخی خودی خۆتەوە، بە نێو ناخی هەموو مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا شۆڕ ببیتەوە.

* شیعر لە ئێستەدا، بە شێوەیەکی بەرفراوان رووی لە خەمە بچووکە خودییەکان، یان خودی شاعیر کردووە، بە پێچەوانەی شیعری پێشوو، کە گرینگیی دەدا بە خەمە "کۆ"کان، ئەم گۆڕانکارییەی ئێستە لە بنیاتی دەقە "هاوچەرخ"ەکانەوە هەستی پێ دەکرێ، تا چەند خزمەت بە دەقی ئیبداعی دەکات؟

- دەتوانم بڵێم کە ئێستە شیعر کەوتووەتە سەر رێچکەی خۆی، بە رێگەی دروستی خۆیدا دەڕوات، لە رۆژگاری دوێنێمان، هاوکات لەگەڵ خەبات و تێکۆشانمان بۆ رزگاری و ئازادییەکانمان، بەشێکی زۆری ئەم خەمە گەورانەمان خستبووە سەرشانی شیعر، وەک هەمیشە دەیڵێین: شیعر لای ئێمە هۆکار بوو، نەک ئامانج، ئەوە نەک هەر لە لای ئێمە، بەڵکو لای خەڵکانی مەملەکەتی تریش، تا ئاستێک هەر وەها بووە. ئەگەر بە خێرایی چاوێک بە مێژووی شیعر و ئەدەبدا بگێڕین، بە رۆشنی ئەوە دەبینین کە لە سەردەمانی رێنسانسەوە، لای سێکۆلاریستەکان و هیومانیستەکان، لای لیریکییەکان، هاوکات لە دوای ئەوانەوە، واتە لە سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەم، لە لای رۆمانسییەکان و ریالیستەکان، تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و هاتنی سیمبولیزم لەو سەردەمانەدا، شیعر رووی لە خەمە گەورەکان بووە، ئاڕاستەی نیگا و روانین و بیرکردنەوەکان روو لە دەرەوە بوونە، نووسینەوە و رەسمکردنی ژیانی واقیعی و وەزع و گوزەرانی خەڵک و داستان و ئەفسانە و رووداوە گشتییەکان و جوانیەکانی سروشت و بوونی خوا و ئاینەکان، ئەمانە هەموویان نێوەڕۆک و باسە گەرمەکان و هێڵە گشتییەکانی شیعر بوون.



ئەوەتا لە کتێبی "کورتەیەک لە مێژووی ئەدەبی فەڕەنسادا"دا، لە پێوەند بە رۆمانسییەکان دەڵێت: "ئاینەکان قسان دەکەن لەگەڵ

ورشە ورشی گەڵاکان و دەنگی دارەکاندا، شاعیرەکانیش لە نێو دوعا و نزاکانیان گۆرانی دەڵێن و بە گەورەیی پەروەردگاری خوادا هەڵدەدهێن، لە نێو ئەم هەست و سۆز و چەشە و زەوقەیاندا، پێیان وابوو کە بەرز دەبنەوە و لە خوا نزیکتر دەبنەوە".

مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی هۆشمەند، پێویستیی ژیان وەهای لێ خواستووە، هەمیشە لە گەڕانی بەردەوامدا بێت، لەگەڵ دۆخە تازە و نوێکانیش خۆی بگونجێنێ و نوێ بیر بکاتەوە. هاتنی سیمبولیستەکان ئاڵوگۆڕی گەورەی بە سەر زمان و شیعردا هێنا، بە سەر ستایل و بیرکردنەوە و خەون و خەیاڵە شیعرییەکان وەک بازدانێکی گەورە بوو، کاریگەرییەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم و رەنگدانەوەکانی بە سەر روح و دەروونی مرۆڤەکانەوە، لەو کاتەدا پەیدابوونی دادائیەکان و پاشان سوریالییەکان و قسەکردن لە رووی رەش و کاولکارییەکانی جەنگ، وەستانەوە لە دژی مەزهەب و داوونەریتە دواکەوتووەکان، قسەکردن لە سەر ناخ و خەم و دەروونی مرۆڤ و خوێندنەوەی غەریزەکان و هەستە نەستییەکان، نیگەرانییەکان و برینەکانی روحی مرۆڤ، بووبوونە بابەتی شیعر، بووبوونە بابەتی ئەدەب و هونەر بە گشتی.

ئیشکردن لەسەر زمان و گرینگیدان بە ناخ و دەروون و خەمە ناوەکییەکانی خودی مرۆڤ، لە هەر یەکێک لەم قوتابخانە نوێیانە کاری زۆری لە سەر کرا، لەو سەردەمانەدا بیردۆز و شیکارە دەروونییەکانی "سیگمۆند فرۆید" کۆمەکێکی زۆر باشی بە رەوشە ئەدەبی و ئەم گرینگیدانە بە خود و وەستانەوە لە دژی داوونەریتی دواکەوتوانە و خوێندنەوەی رووبەرە نەستییەکان، لە لای سوریالیستەکان بەوپەڕی گەیشت. لە دوای ئەوانیش، چ وێنەییەکان، یان ئایندەییەکان و بوونگەراکان و مۆدێرنیستەکان و بنیاتگەراکان و پۆست مۆدێرنیستەکان و...، رۆژگاری ئەمڕۆشمان هەموویان بە هەمان شێوە، بۆیە دەبینین جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان زمانی شیعری لە لای لامارتین، لەگەڵ «**مالارمێ، یان ڤالێری**» دا، جیاوازیی زۆر هەیە لە نێوان زمانی شیعریی «**مایکۆفسکی و ئەلیکساندەر بلۆک**» دا، جیاوازیی لە نێوان "**مەحموود دەروێش**" و "**ئەدۆنیس**" دا، لە لای خۆشمان جیاوازییەکی زۆر دەبینین لە نێوان زمانی شیعر لە لای "**عەبدوڵا پەشێو**" و "**سەباح رەنجدەر**"دا. هەر یەکێک لەمانە، بە شێوەی جیاواز لە شیعر و زمانی شیعریان روانیوە، هەروەها جەوهەری هەر یەکێک لە قوتابخانە نوێکان و داهێنان و نوێخوازییەکانیش زمان بووە.



چۆمسکی لە کتێبی "زمان و فیکر"دا دەڵێت: "چۆن وا بکەین لە رێگەی زمانەوە، لە سروشتی مرۆڤ تێ بگەین؟" یان دەڵێت: "سروشتی زمان ئاوێنەیەکە بۆ بیری مرۆڤ، یان زمان پێگەیەکە،

مرۆڤ و ئەدگاری مرۆڤی تێدا دەردەکەوێت".

لە لای مـرۆڤـە داهـێنەر و نوێخـوازەکـان، بۆ نـاسـینی ناخی مـرۆڤ و خـەم و خـەون و خـەیاڵەکـانی، بۆ ناسـینی سـروشـتی مـرۆڤ، بـە چڕی ئـیشـیـان لە سـەر زمـان کـردووە، ویستوویانە لە ڕێگەی زمانەوە مرۆڤ و حەقیقەتی مرۆڤ بناسن.

* ئەگەر خوێنەر هاوشانی دەقنووس بێ لە خوڵقاندنی مانادا، ئەدی دەقنووس چۆن هـاوشـانی لەگـەڵ "پێکهـاتەی دەق"دا فـەراهەم دەکـات، بە دەر لە سـەروەخـتی لە دایکبوونی دەقێکی شیعری؟

– دەمەوێ پێ لەسەر ئەوە دابگرم؛ وا باشترە شاعیر لە کاتی نووسینی شیعردا بیر لە مـانا نەکاتـەوە. مـەبەسـتـمـە ئەوە بڵـێم: ئەگـەر زۆر خـۆت بە بابەت و مـانا ببـەسـتیـتـەوە، ناتوانیت دوور دوور بۆ نێو قووڵاییـیەکانی خەیاڵ بڕۆی.

من بۆ خۆم لە کاتی نووسینی شیعردا، هێندەی گرینگی بە زمان دەدەم، یان ڕۆدەچم بە نێو خـەون و خـەیاڵ و دەروونی خۆمدا، هێندە کارم بـە سـەر مـانا و جـەوهـەری بابەتەکەوە نییە، چونکە لە ڕێگەی زمانەوەیە بە قووڵاییـیەکانی خەیاڵ، بە قووڵاییـیەکانی ناخ و ناوەوەی خـۆم دەگـەم، هـاوکـات ئـەوە زمـان و ڕووبـەرەکـانی خـەیاڵن کە جـەوهـەری مـاناکـان دیاری دەکەن. من، مـانایەکی قـووڵ لە ئاسـتێکی باڵادا، لە ڕێگەی ئیشکردنی چڕوپڕەوە لە سـەر زمان، بە دەست دێنم. بەو مانایە: لە شیعردا زمان کلیلێکە بۆ کردنەوەی هـەموو دەرگەکان، یان وەک چرایەکە بۆ ڕۆشنکردنەوەی هەموو گۆشە و کەلێن و قوژبن و بنی بنەوەی هـەموو قـووڵاییـیەکان. دەقـیش هـەر هێندە لە ژێر دەسـەڵاتی منی شـاعیرە، تـا ئیشی تێدا دەکـەم و تەواو نەبووە، کـە تەواو بـوو ئـیـتـر دەبێـتـە مـوڵکی گـشـتی، گـرینگـیـشـە ئەگـەر مـانـایـەکی دیاریکراو لە نـێو خـەیاڵ و لە زیهنی شـاعـیردا هـەبێت و بە شـێوەیـەکی زەق و دیار پەخش نەبێت بە سەر جەستە و ڕووبەری دەقدا، بۆئەوەی خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیدا، بە قووڵی تێکەڵ ببێت لەگەڵ ماهییەتی دەقەکە.

* پێـتـوایـە هـۆی داتەپینی بناغـەی هـەر دەقـێک، بەشـێکی بۆ ئەوە بگـەڕێتـەوە کـە بنیـاتی دەق لە مـانا داخـراوەکـانەوە سـەرچاوە بگرێت؟ بە واتـەیـەکی دی: بـۆئـەوەی پێـکـهـــاتـەی دەق بپـــارێزین لە کاڵبوونەوە، چی بکەین باشە؟



– ئەگـەر مـەبـەسـتت لـە مـانا داخـراوەکـان ئەوەیە کـە کـۆدەکـانی

زمان لە شیعردا بە ئاسانیی ناکرێنەوە، یان خۆیان نادەن بە دەستەوە، ئەوە من هەر وەک چۆن گوتوومە و باوەڕم بە تەمومژ نییە لە شیعردا، هەروەها باوەڕم بەوەش نییە، ئەگەر کۆدەکان بە یەک خوێندنەوە خۆیان نەدەن بە دەستەوە، ئەوا دەشێ ببن بە هۆکاری داتەپینی بناغەی دەق، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لەم جۆرە دەقانەدا زمان لە ئاستێکی باڵا و بە چڕی ئیشی لەسەر کراوە و خەیاڵ لە رووبەرێکی بەرفراوان و قووڵدایە، بەڵام ئەگەر مەبەستیشت لە مانا داخراوەکان ئەوە بێت کە دەق تەنیا یەک خوێندنەوە لە خۆ دەگرێت و بوار بۆ خوێندنەوەی دی ناهێڵێتەوە، لێرەدا منیش هاوڕاییی خۆم پێشان دەدەم، منیش پێموایە هەموو ئەو دەقانەی تەنیا یەک خوێندنەوە لە خۆ دەگرن، رەنگە تەنیا پێویست نەکات بە قووڵی بخوێنرێنەوە.

ئەم جۆرە دەقە تاکڕەهەندانە، دەکرێت پێیان بڵێین دەقی داخراو، کە دەرگە بە رووی خوێندنەوەکانی دی دادەخەن، بەڵام کۆد و وێنە و هێماکانی شەفاف و روون و کراوەن. ئەم جۆرە دەقانە کەمتر چێژ بە خوێنەر دەبەخشن، هەروەها ناچنە خانەی داهێنانەوە، لە بەرامبەر ئەمەشدا، دەقی سەرکەوتوو ئەو دەقەیە کە خوێندنەوەیەک زیاتر لە خۆ بگرێت، سیستەمی زمان تێیدا بە هەموو کۆد و هێما و وێنەکانییەوە، فرەڕەهەند بن و لە کاتی خوێندنەوەیان خوێنەر سەرسام بکەن، لە هەمان کاتیشدا ببن بە ئاوێنەیەک بە رووی خوێنەردا.

* بۆچی رەخنەی بەراوردکاری کاری لەسەر نەکراوە، بە شێوەیەک کە سەرچاوەمان لەم بارەوە هەبێت، لە کاتێکدا دەبوو ئێستە زیاتر لە جاران بایەخی پێ بدرابا، چونکە نائامادەیی لە رۆژگارێکی وەک ئەمڕۆدا، هەم "بۆشایی" و هەم "قەیران" و هەم دەرگەی "داخستنی سەردەمێک"یشمان بە روودا دەکاتەوە؟

– لە بارەی ئەوەی کە بۆچی رەخنەی بەراوردکاری کاری لە سەر نەکراوە؟ دیارە هۆکارەکان زۆرن، بە بڕوای من سەرەکیترین هۆکار ئەوەیە کە ئێمەی کورد، بە هۆی ئەو جەور و ستەمەی لە سەرمان بووە، هەمیشە وەک کۆمەڵگەیەکی داخراو لە بازنەیەکی داخراودا ژیانمان بە سەر بردووە، کەمترین ئاگاییمان بووە لە سەر ئەدەب و هونەر و مەعریفەی دەرەوەی خۆمان، جا کە ئاگاییشت لە تەرەفی بەرامبەر نەبێت، بەراورد لەگەڵ چی دەکەیت؟ ئەگەر قسە لەسەر وەزعی ئێستەشمان بێت، راستە ئێستە لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا خەڵکی کوردزمانمان هەن، کە خەریکی



گوزەران و ژیانن لەگەڵ خەڵکانی غەیرە کورددا، خەریکی فێربوونی زۆرێک لە زمانە زیندووەکانی جیهانن، بەڵام هێشتا نووسەرانی کۆچبەر لە سێرچدان.

بە مانایەکی دی: هێشتا هەر خەریکی بەدوادا گەڕانن. من گومانم لەوە نییە کە لە داهاتوودا ئەم شەونخوونی و هەوڵە بەردەوامانەی نووسەرانی کۆچبەر بەرهەمی دەبێت و دەرگەیەکی رۆشنیش بە رووی داهێنان و نووسین، بە رووی تەواوی مەعریفە دەکرێتەوە، ئەوکات بوار بۆ رەخنە و ئەدەبی بەراوردکاریش لە بارتر و گونجاوتر دەبێت.

هەرچەندە ئەم بارە بە ئاسایی دەبینم، بە مانای نەبوونی رەخنە و ئەدەبی بەراوردکاری، بۆشایی و قەیرانیش جێ بهێڵێت لە دوای خۆیدا، بەڵام چونکە لە ئێستەدا زەمینە واقیعییەکە لە بار نییە، بۆیە وەک دەڵێین: لە بەردەم ئەمری واقیعداین. دواجار، هێندە رەشبین نەبین باشە، هەموو کۆمەڵگەیەکی داخراوی وەکو ئێمە بەم قۆناغەدا تێپەڕیون، ئەوەتا خودی ئەدەبی ئەمریکا، تا سەردەمانی نوێخوازی و مۆدێرنیتە لەگەڵ هەوڵەکانی "واڵت ویتمان" و "ئەزرا پاوەند" و "ئەدگار ئالان پۆ" و "تی. ئێس. ئلیەت" و چەندانی دی، لە ئاستێکی بەرفراواندا تێکەڵ بە ئەدەبی دەرەوەی خۆیان دەبن، هاوکات تەواوی ئەدەبی ئەورووپی و ئینگلیزی و فەرەنسییان هێنایە نێو رووبەری ئەدەبیی خۆیانەوە، لەوێدا توانییان خوێندنەوەیەک بۆ ئەدەبی خۆیان و دەرەوەی خۆیان بکەن.

* لە ئێستەدا، داهێنان و ریکلام هاوئاستن لە خستنەڕووی دەق لە کوردستاندا، بەڵام ئەو ریکلامەی من لێرەدا مەبەستمە، دابەش بووە بە سەر خوێنەر و راگەیاندن و دەسەڵاتی سیاسی. نووسەری ئیبداعکار، بۆئەوەی پردێک دروست بکات بۆ بە یەکتر گەیشتنی داهێنان و ریکلام، چی دەبێت بە کۆمەککارێکی تەندروست بۆ وی؟

– ئەگەر قسە لەسەر راگەیاندن و داهێنان بکەین، لە سەرەتادا دەمەوێ باس لە راگەیاندن بکەم، دواتر ئەو پێوەندییەش دیاری بکەین کە لە نێوان راگەیاندن و داهێناندا هەیە. راگەیاندن لە شێوە گشتییەکەیدا، رەنگە زۆر مانا بگرێتە خۆی، بەڵام سەرەکیترینیان، یان باشتر بڵێم: ئەوەی مەبەستمە، ئەوەیە کە چۆمسکی لە کتێبی "کۆنترۆڵی میدیا"دا بەم شێوەیە باسی دەکات: "راگەیاندن هۆکارێکە بۆ دەستەبەرکردنی پێوەندییە گشتییەکان، لە پێناو کۆنترۆڵکردنی بیری گشتیدا". دیارە هەر لەو گوتارەیدا باس لە هەوڵەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات، کە چۆن لە دوای سالانی ١٩٣٠، لە بردنەپێشەوەی نەخشەکانیەتی، بۆ



کۆنترۆڵکردنی بیری گشتی، بە مەبەستی دەست بەسەرداگرتنی مانیفاکتۆر و کارخانە گشتییەکانی دەرەوە و کڕینی هێزی کار بە نرخێکی هەرزان.

لە هەمان کاتدا کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکانیش، جگە لەوەی دەمێکە لە کتێبەکانی "مارکس و ئەنگڵس" گوتراوە: "ئەو هێزانەی خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی مادین، لە هەمان کاتدا خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی فیکریشن!"، لەم نێوەشدا راگەیاندن رۆڵ و کاریگەریی هەبووە، دوای ئەو دەورانەیش، دەورانێکی تر دەستی پێ کردووە بە ناوی "دیموکراسی" و "بازاڕی ئازاد"ەوە، دەزگای راگەیاندنەکانیشیان بۆ ئەم مەبەستە خستووەتە کار، لەم دواییانەشدا بە ناوی هێنانی ئازادی بۆ خەڵکی عێراق و شەڕ لە دژی تیرۆریزم، بۆ ئەم مەبەستە راگەیاندنیان خستە کار، هەرچی درۆی شاخدار هەبوو بە نێوی راستییەکی بێ خەوش، بە فاکتە بێ بنەماکان، راستییەکانیان لێڵ دەکرد و گاڵتەیان بە مێشکی خەڵک دەکرد، دیارە لە هەمان کاتیشدا مەبەستە ژێر پەردەکەشیان روون و ئاشکرا بوو، بۆ داگیرکردنی بیرە نەوتەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پاراستنی دەستکەوت و بەرژەوەندییەکانی خۆیان و زاڵکردنی هەیمەنە و کوێخایەتیی خۆیان و بوون بە سەروەر و سەرداری دنیا.

ئەگەر لە ئاستێکی فراوان و گشتیدا، ئەمە بچووک بکەینەوە بۆ وڵاتێکی وەکو کوردستان، دەبینین راگەیاندن هەمان مانا و هەمان مەبەست و هەمان ئامانجی هەیە، لە هەمان کاتدا هەمان رۆڵیش دەگێڕێت، ئەگەر باس لە پێوەندیی راگەیاندن و داهێنانیش بکەین، ئەوە پێمـوایە کە راگەیاندن پێوەندییەکی ئەوتۆ و کاریگەرییەکی ئەوتۆی بە داهێنانەوە نییە، راستە ریکلام یان دەزگای راگەیاندن لە شێوە گشتییەکەیدا دەتوانن نووسەر و هونەرمەندان و بەرهەمەکانیان لە ئاستێکی بەرفراوانتر بناسێنن، بەڵام ئەوە چ بۆ داهێنان دەکات؟ مەبەستمە ئەوە بڵێم: ئەگەر نووسەرێک خۆی داهێنەر نەبێت، هەموو دەزگاکانی راگەیاندنیش بچنە پشتیەوە و بە درۆی شاخدار و فسفس پاڵەوان بیناسێنن، پولێکی سووتاو ناهێنێت، چونکە ئەم داهێنەرە بە زۆر کراوە بە دکتۆر، مەگەر تەنیا لە لای خوێنەری سادە و ساکار ئەم جۆرە هەوڵانە بە داهێنان وەربگیرێت، ئەمەش لە کارەسات بەولاوە، هیچ شتێکی دی نییە لە بنەڕەتیشدا، کەسی داهێنەر و داهێنان لە شەقامە هێمنەکان سیمفۆنیاکانی خۆیان دەژەنن و کەسە بێ بەهرە و بێ تواناکانیش، باشتر بڵێین: داهێنەرانی دەزگاکانی راگەیاندنەکان و دەسەڵاتیش، لە گەڕەکەکانی دوور لەم شەقامانەوە دەهۆڵەکانیان دەکوتن، لەگەڵ ئەمانەشدا راگەیاندن خاڵی ئیجابیی خۆی زۆرە و کاریگەریشی بە سەر رەوشی پێشکەوتن و ژیانی شارستانییەت و



مەدەنییەتی کۆمەڵگەوە هەیە، هەروەها دەستکەوتێکی گرینگە تا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی سوودی زۆری لێ ببینێت، بەڵام ئێمە زیاتر قسەمان لە سەر لایەنە نێگەتیڤەکانی راگەیاندن و پێوەندیی راگەیاندن بە داهێنان و ئافراندنەوە کرد.

**هەموو ئەو شتانەی کە پێناسە ناکرێن، بوونیان لە وەهمەوە سەرچاوەی گرتووە**

* کەنگێ زمان و گوتن رووبەڕووی بەریەککەوتنێکی قووڵ و ئێستێتیک و بابەتییانە دەبنەوە؟

– پێموایە پرسیارەکە بەم شێوەیە بێ دروستترە؛ "کەنگێ زمانی دەق و زمانی گوتن رووبەڕووی بەریەککەوتن دەبنەوە؟".

زمان لە بارە ئاساییەکەیدا، وەک چۆمسکی گوتوویەتی: "کۆی هەموو دەنگەکان و ماناکانە، بە مەبەستی گەیاندن و تێگەیشتن لە چوارچێوەی سیستەمێکی رێزمانیدا". مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، بۆ درێژەدان بە ژیان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، پێویستی بە هۆکارێکی گەیاندن و تێگەیشتن هەیە، ئەویش "زمان"ە، ئەگەر زمان لە شێوە گشتییەکەیدا وەک هۆکارێکی لە یەکتر تێگەیشتن، وەک بەرهەمهێنەری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان باس بکەین، زمانی گوتن رەوش و باری پێوەندییەکان و واقیعی کۆمەڵایەتیمان بۆ دیاری دەکات. لە پێشدا باسی پێوەندییەکانی زمان و بیری مرۆڤ و بەرهەمی بیری مرۆڤمان کرد، لێرەدا دەق وەک بەرهەمی بیری مرۆڤ جێگەی مەبەستی ئێمەیە، لێرەوە رۆشنتر دەتوانین باسی پێوەندییەکانی زمانی گوتن بکەین، کە گوزارشتە لە واقیعی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ زمانی دەق، کە گوزارشتە لە چەمکی جوانی و خەون و خەیاڵ و غەریزەکانی نێو ناخی مرۆڤ. ئەگەر پێوەندی و بەریەککەوتنەکەش بە کێشانی وێنەیەکی "تۆرنادۆ" واتە "گەردەلوول" روون بکەینەوە –کە چۆن لە

**گۆڕانی واقیع کاری خەیاڵ و فەنتازیا و شیعر و ئەدەب نییە لە بەرگە گشتییەکەیدا.**



پنتێکەوە دەست پێ دەکات، بازنەی خولانەوەش بە دەوری پنتەکەدا دەگێڕێت و وردە وردە بازنەی خولانەوەکەیش گەورەتر دەبێ- دەکرێت پنتی دەستپێکردنەکە بە زمانی گوتن، یان واقیعی کۆمەڵایەتی دابنێین، بازنەکانی خولخواردنەوەش بە زمانی دەق و شۆڕبوونەوە، یان گەڕان و خولخواردنەوە، بە نێو خەون و خەیاڵ و رووبەرە نەستییەکانی ناخی مرۆڤدا، چونکە غەریزەکان و خەون و خەیاڵەکانی مرۆڤ، پێوەندییان بەو پنتەوە هەیە کە واقیعی کۆمەڵایەتییە.

بۆ نموونە: مەزهەب و داوونەریتێکی دواکەوتووانە کاریگەریی راستەوخۆی بەسەر برینداربوون و تێکشکانەکانی روحی مرۆڤەوە هەیە. دەکرێت جاری واش هەبێت کە بازنەکانی خولخواردنەوەکە هیچ پێوەندییەکیان بە واقیعی کۆمەڵایەتییەوە نەبێ و لە دەوری پنتێکی وەهمی چەق ببەستن. مەبەستمە ئەوە بڵێم کە رەنگە هەندێ جار هیچ بەریەککەوتنێک روو نەدات، یان نەیەتە ئاراوە، ئەم حاڵەتەش زۆر جار لە لای سوریالیستەکان، یان ئەبستراکتەکان، یان پۆستمۆدێرنیستەکان دەبینرێت، لەم بارودۆخەدا زمانی دەق یان زمانی شیعر هەندێک جار "کۆی هەموو ئەو کۆدە وەهمییانەیە کە لە نێو پەیکەرە بێ دەنگەکەی ناوەوەی مرۆڤ، کە پڕاوپڕە لە غەریزەی چەپێنراو و پرسیاری وەهمی، لە پشت هەر کۆدێکیش بوونێکی وەهمی خۆی حەشارداوە"، رەنگە دژوار و قورس بێتە پێش چاو، کە باس لەو کۆدە وەهمییانە و پرسیاری وەهمی و بوونی وەهم بکەین، یان بڵێین: "مرۆڤ پەیکەرێکی بێ دەنگە و پڕاوپڕە لە کۆدەکانی وەهم"، یان بڵێین: "شیعر هێنانە گۆی ئەم پەیکەرە بێ دەنگەیە، یان نووسینەوەی میلۆدییە نا شازەکانی وڕێنەی ئەم پەیکەرەیە".

ئەگەر لە روانگەیەکی مەتریالیستانەش بڕوانین، لاپەڕەکانی شەڕە کۆنینەکەی نێوان مادە و فیکر بهێنینەوە گۆڕێ، دیارە خۆم روانینێکی مەتریالیستانەم هەیە بۆ ژیان و بوون، گومانێکیشم لەوە نییە کە مادە لە پێش فیکرەوە هاتووەتە بوون، هەروەها فیکر بەرهەمی مادەیە، بەڵام ئەوەش هەیە لە گۆشەی روانینی مادییانەشەوە ئەگەر بۆ دواوە بگەڕێینەوە و لە بوون و ژیان بکۆڵینەوە، بەوە دەگەین "یەکەم خانەی بوون" لە سەرەتادا بە "رێکەوت" پەیدا بووە، ئیتر وردە وردە ئەم خانەیە دابەش بووە و گەشەی کردووە، تا بەم رۆژگارەی ئەمڕۆ گەیشتووە.



کە دەڵێین لە سەرەتاوە بوون بە رێکەوت پەیدا بووە، ئەم رێکەوتە بۆ منێکی شاعیر یانی وەهم، بە مانایەکی دی، بە پێی ئەم لێکدانەوە و گەڕانەوە بۆ دواوە: ئاساییە دەڵێین: "بوون لە وەهمەوە هاتووە، مردنیش گەڕانەوەیە بۆ نێو ئەو وەهمە، ژیانیش کۆی

کۆمـەڵێک نیگاری وەهمی و کۆدی وەهمی و خـەون و خـەیاڵی وەهمـییـە، لە بەرگـێکی ئێستێتیکیدا"، شیعریش نووسینەوەی میلۆدی و ئاواز و وڕێنەکانی ئەم پەیکەر و کۆد و هێما وەهمییانەیە، بۆیە دەبینین لەوەتەی مرۆڤایەتی هۆشی هاتووەتە بەر و بیر دەکاتەوە، شیعریش هەیە، بەڵام تا ئێستە پێناسە و چوارچێوەیەکی دیاریکراومان بۆ شیعر نییە.

لە شـوێنێکی تردا گـوتوومـە: "شـیـعـر وەک خـواوەند پێناسـەی لە دەرەوەی توانا و بیرکردنەوەکانی مرۆڤە"، لە سەرەتاوە هەندێک لەم گوتنە راڕا و بە حەزەر بووم، بەڵام دوای زیاتر قووڵبوونەوەم لە زمان و شیعر، ئیتر هەموو گومانەکانم رەوینەوە، خۆشبەختانە "کەریم دەشتی"ی شاعیریش لە دواهەمین دیمانەیدا، لە بارەی شیعر و نووسینی شیعرەوە، شـتـێکی لەو بابەتەی گـوتـووە، دەمـێک سـاڵـیـشـە نووسـەر و شـاعـیـری ئەمـریکی هیدۆبرۆ Huidobro گوتوویەتی: "شاعیر خواوەندێکی بچکۆلانەیە"، یان ئەگەر بپرسین شیعر چییە؟ ئەم پرسیارە یەکێک لەو پرسیارە ئاڵۆز و قورسانەیە، کە وەک پرسیارە قورس و ئاڵۆزەکـانی تری فـەلسـەفـە لە بارەی بوون و ژیان و سـروشت و خـواوەنـد، بێ وەڵام مـاونەتەوە و هەر کـەسـێک لە روانگە و تێگەیشـتنی خـۆیەوە وەڵامی داونەتـەوە. بۆ نموونە، وەڵامـەکـان لە کـەسـێکەوە بۆ کـەسـێکی تر، لە سـەردەمـێکەوە بۆ سـەردەمـێکی تر، لە میزاجێکەوە بۆ میزاجێکی تر، لە چرکەیەکەوە بۆ چرکەیەکی تر، جیا بوون.

هەمـوو ئەو شـتـانەی کە پێناسـە ناکرێن، بوونیان لە وەهمەوە سـەرچاوەی گرتووە، بەو مـانایەی کە لە سـەرچاوەیەکی وەهمـیـیـەوە هاتوونەتە بوون، یان تەنیا لە نێـو سنوور و رووبەرەکانی خەون و خەیاڵ بوونیان هەیە، بۆیە ئاساییە ئەگەر هەندێ جار زمانی دەق و زمانی گوتن هیچ بەریەککەوتنێک لە نێوانیاندا روو نەدات.

* ئەگەر خـودی نووسـەر بەردەسـتـترین و سـەرەکیترین کەرەسـتـەی خـاو بێ، بۆ بنیـاتنانی تەلارێکی بەرز بـە وشـە، خـەیاڵی نووسـەر لە کـوێی ئەم تەلارە بەرزەدا بەرجەستە دەبێت؟

– ئەگـەر جـەسـتـەی دەق، یان جـەسـتـەی شـیـعـر بە تەلارێک بچـوێنین، بە بڕوای من دەروازەکەی "زمـان"ە لە شێـوە گشـتـییـەکـەیدا، کۆڵەگـەکـانیـشی وشـەکانن، ژوور و مەرمەڕ و هۆڵەکانیش خەیاڵی شاعیرن، نێوەوەی ژوور و هۆڵەکـان و دیوی دەرەوەی تەلارەکـەش بە نەخش و نیگاری سـەرسـڕهێنەری جـوان و سـەرنجـڕاکـێش دەڕازێنرێنەوە، بۆیە گوتمـان زمـان دەروازەیە، چونکە زمـان بڕبڕەی پشـتی شیعرە، لە



پرۆسەی نووسینی شیعردا، زمان لە پێوەندییەکی توندوتۆڵدا دەبێت، بۆ بەدوادا گەڕان و دۆزینەوە لەگەڵ ناخ و دیوی نێوەوەی مرۆڤ و بیر و خەیاڵاتەکانی. بۆ نموونە: وشەی "تەنیایی" ئەگەر لە رووی زمانەوە تەماشای بکەین، تەنیا وشەیەکە، وەک هەر وشەیەکی دی و هیچی تر، بەڵام لە ئەنجامی بیرکردنەوە لە وشەکە و قووڵبوونەوە بۆ نێو رووبەرە پەنهانەکانی، هاوکات لە رێگەی خەیاڵەوە بە پێگە و شوێنە نادیارەکانی دەگەین، تا قووڵتر ببینەوە کۆد و هێماکانی تەنیاییمان زیاتر بۆ دەکرێتەوە، زیاتر موروو و مەرجانەکانی بنی بنەوەی قووڵاییەکان دەبینین، یان باشترە بڵێین: لە نێو روانین و بیرکردنەوەکانمان، لە پاڵ ئەمەشدا نغرۆبوونمان لە نێو قووڵاییەکان، یان بۆ نێو بۆشاییەکانی خەیاڵ و دۆزینەوەی رووبەرە پەنهانەکانی وشەی تەنیایی، لە ئەنجامی ئەم بەدواداگەڕانەماندا، کۆد و هێما و شتی سەیر و سەمەرەمان دەست دەکەوێت، ناخی خۆمان و منداڵی و حەز و ئارەزووەکان، هەندێ لە غەریزە چەپێنراوەکانی خۆمانمان بینی، هەندێ شتیشمان دەبینی سەیر و نامۆ بوون، کۆد و هێماکانیان نەدەکرانەوە. بۆ من ئەوە پێوەندی و بەریەککەوتنەکانی نێوان زمان و وشە و خەیاڵ و وێنەن، کە وەک پێکهاتە و بنیاتەکانی جەستە و تەلاری شیعر خۆیان دەنوێنن.

دەمەوێ ئەوە بڵێم: شاعیر لە نێو قووڵاییی رووبەرەکانی خەیاڵدا، لە ئەنجامی وردبوونەوە و بە دوادا گەڕانەکانی، بە هەندێ نهێنی و شتە شاراوەکان دەگات، واتە دەسەڵاتی بە سەر هەندێ هێما و کۆدەکان دەشکێ و بۆی دەکرێنەوە، بەڵام هەندێ هێما و بوخچە و کۆدەکان هەر بە نەکراوەیی دەگوازرێنەوە نێو رووبەری شیعر، بۆیە دەبینین هەندێک لە شیعرەکان خوێندنەوە و رامان و قووڵبوونەوەی زیاتریان دەوێ، رەنگە هەندێک لە بوخچە و کۆدەکان هەر نەکرێنەوە، ئەوە نە تەمومژ، نە داخراوبوونی دەقە، بەڵکو سروشتی زمانی شیعر و خەیاڵی شیعرییە و هیچی تر.

بۆیە دەبینین هەمان وشە چەند جاری دی لە شیعر و وێنەی دیدا بەکاریان دەهێنینەوە، چونکە هەر جارەی ئێش لە سەر چەند کۆد، یان دیوێک لە دیوەکانی دەکەین، قەت مومکین نییە بە تەنیا رۆچوونێک بە نێو قووڵاییەکانی هەر وشەیەک، بتوانین هەموو نهێنی و کۆد و بوخچە و هێماکانمان بۆ بکرێتەوە، یان بە هەموو کەلێن و گۆشە و قوژبنەکان بگەین، بۆیە بێ ویستی خۆمان، بێ پلان و بێ هیچ ئاگاهییەک، وشەکان بەکاردەهێنینەوە و هەر جارەی لە وێنەیەکی جیادا وێنەیان دەکێشینەوە، نوێخوازی و نوێبوونەوەش لێرەدا مانا پەیدا دەکەن.



* دیکارت روانینێکی وەهایە: "من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم"، بەڵام ئەوەی شاراوە ماوەتەوە، ئەمەیە: کام "بیرکردنەوە" دەتوانێت "بوون"ێکی پڕ جووڵە و ئیبداعکاریی بەردەوام بەرهەم بێنێ، هاوکات بیرکردنەوە لە لای تاکی هۆشیار، تا چەند پەیوەستە بە "ئاگایی" و "ئەوانی ترە"وە؟

– من بیردەکەمەوە کەواتە هەم، واتە لە پشت هەر بیرکردنەوەیەک بوونێکی مادی هەیە. ئەگەر بیرکردنەوە بە دیاردەیەک دابنێین، وەک لە لای "بوونگەراکان" هەیە، لە پشت هەر دیاردەیەکیش بوونێک هەیە، هەروەک "هایدگەر" دەڵێ: "بوون بە بێ ئەویتریش وێنەیەکە لە وێنەکانی بوون لەگەڵ کەسی تردا، نیگەرانیش بوون و پێوەندییەکانمان بۆ دیاری دەکات". بۆ نموونە: پێوەندیی دایک و باوک لەگەڵ منداڵەکانیان، یان پێوەندیی مامۆستا لەگەڵ قوتابییەکانیان و... .

لە بارەی ئەوەی کام "بیرکردنەوە" دەتوانێت بوونێکی پڕ جووڵە و ئیبداعکاری بەردەوام، بەرهەم بێنێ؟ من پێموایە ئەو بیرکردنەوەیەی لە ئاکامی مەعریفەیەکی پێویست لە دەرگەی جوانییە نەبینراوەکان و شتە شاراوەکان دەدات، لەم نێوەدا دەقی نوێ بەرهەم بێنێ و ئەو شتانە بڵێت کە نەگوتراون، لە هەمان کاتیشدا پڕن لە دید و خەیاڵی نوێ بۆ وەسفکردنی جوانییەکانی دنیایەکی نوێتر.

* چی لەو واقیعە تاڵە بکەین کە خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانن بیگۆڕن؟

– ئەم واقیعە تاڵەی تۆ باسی دەکەی، مرۆڤ خۆی بەرهەمی هێناوە، مرۆڤ هەر خۆیشی بەرپرسە لە گۆڕانی، کارەساتێکی گەورە و جەرگبڕە کە چاوەڕوانی ئەوە بین خەیاڵ و فەنتازیا واقیعی کۆمەڵایەتیمان بۆ بگۆڕن، دەبێ ئەوەمان لە لا ڕۆشن بێت کە گۆڕانی واقیع کاری خەیاڵ و فەنتازیا و شیعر و ئەدەب نییە لە بەرگە گشتییەکەیدا.

دەکرێ خەیاڵ و فەنتازیا مرۆڤ بخەنە نێو ئەو بارەی خەون بە واقیعێکی تر، یان دنیایەکی ترەوە ببینین، یان ئەو جوانییانەی شێوێنراون و خەونبینین بە گەڕانەوەی جوانییەکان، یان ئەو ئومێدانەی لە دەستمان داون، خەونبینین بە گەڕاندنەوەی ئومێدەکانمان و... زۆر شتی تریش، ئەمانە هەمووی ئەگەری ڕوودان و دەستەبەربوونیان هەیە لە نێو ڕووبەرەکانی خەیاڵ و فەنتازیادا، بەڵام مەسەلەی "گۆڕان" کاری مرۆڤ خۆیەتی، مرۆڤ بۆ گۆڕانی واقیع پێویستە بیر لە کەناڵ و ڕێگەی تر بکاتەوە.



**داهێنان لە شیعر و ئەدەبی کوردیدا هەبووە، بەڵام رەخنەمان لە ئاستی داهێنانەکانمان نەبووە**

* "دوریس لێسینگ" روانینی وەهایە: "هەندێک کەس بانگەشەی ئەوە دەکەن رەخنە رەسەنایەتی لە مرۆڤدا کاڵ دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر من رەسەنایەتی و داهێنانم هەبن، ئەوا لە رێگەی رەخنەوە بە دەستم هێناون". ئەم رستەیەی لێسینگ لە کوێوە ناکۆک یان تەبا دەکەوێتەوە لەگەڵ داهێنەر و داهێنانی ئەدەبیدا؟

– من هەرگیز ناتوانم باوەڕ بەوە بهێنم، یان باوەڕی وەهام هەبێت کە رەخنە رەسەنایەتی لە مرۆڤدا کاڵ دەکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، رەخنە رۆڵ و کاریگەریی بەرچاوی هەیە لە پێگەیاندنی نەوەی نوێ و تۆختترکردنی رەسەنایەتی و داهێنان بە ئاراستەی نوێوە، هاوکات کاریگەریی دادەنێت لە سەر تەواوی رەوشی روناکبیری و مەعریفیی ئێمەدا. لێرەدا مەبەستمان لە رەخنە و رەخنەگرە پێشڕەو و جیدییەکانە، بەڵام لە بارەی ناکۆکییەوە، من هاودژییەک لە قسەکانی لێسینگدا دەبینم کە دەڵێ: "ئەگەر من رەسەنایەتی و داهێنانم هەبن، ئەوا لە رێگەی رەخنەوە بە دەستم هێناون"، رەنگە ئەم گوتەیە بۆ من و نووسەرانی کورد بەم شێوەیە نەبێ، بەو مانایەی ئەگەر داهێنانمان هەبێت لە رێگەی رەخنەوە بە دەستمان نەهێناون، رەنگە ئەم گوتەیە بۆ خودی لێسینگ، یان کەسانی وەک ئەو لە جێگەی خۆیدا بێت و تەواو و گونجاو بێت، بەڵام من بۆ خۆم، بەرامبەر بە ئەزموونی خۆم، بە ناتەبا و هاودژی دەیبینم.

**رۆڵ و کاریگەرییەکانی رەخنەگران و بیرمەندانی جیدی، تا هەتایە بە سەر رەوشی رووناکبیری و مەعریفە و داهێنان و نوێخوازی و پێشەوەچوونی ژیان هەر دەمێنێت**



لێرەوە دەمەوێ ئەوە دووپات بکەمەوە و بڵێم: هەمیشە داهێنان لە شیعر و ئەدەبی کوردیدا هەبووە، بەڵام رەخنەمان لە ئاستی داهێنانەکانمان نەبووە، کەچی بە پێچەوانەوە، دەبووایە رەخنەگرانمان هەمیشە پێشڕەوبان لە

بواری داهێنان و گەشەی بیری کۆمەڵگە و نوێخوازی و بیری پێشکەوتنخوازیدا، لە هەمان کاتیشدا نامەوێ هەموو هەوڵە جوانەکانی ڕەخنە و ڕەخنەگرە بەڕێزەکانمان لەگەڵ سفر لێکدەم. من دەڵێم هاوکێشەکان وەها نین، کە ئەگەر ئێمە داهێنانمان هەبووبێ لە ڕەخنەوە بە دەســـتــمــان هێنابن. دیارە لە دواوەبوونی ڕەوشی ڕەخنە، وەک پێــویسـت نەبوونی ڕەخنەگری جیدی و داهێنەرانە، بە تایبەت لە ڕۆژگاری دوێنێماندا، ئەمەش هۆکاری زۆر واقیـعی و مـەوزوعیی خـۆی هەیە، دەکـرێت قـسـەی زۆری لەسـەر بکەین، بەڵام لێرەدا مەبەستمان لە باسکردنی هۆکارەکان نییە.

مێژووی مرۆڤایەتی تا هەتایە قەرزباری هەوڵە جوانەکانی ڕووناکبیر و ڕەخنەگرانی وەک "بلیخانۆف" و "جۆرج لۆکاش" و "ستانلی فیش" و نووسەر و ڕەخنەگری فێمینیست "جولیا کریستیڤ" و "ئەدوارد سەعید" و "هەربێرت مارکۆز" و... زۆری ترە، مێژوو بۆ هەمیشە بە شکۆمەندی باسیان دەکات، هەوڵە جوانەکانیان بۆ پێگەیاندنی نەوە و بیری نوێ، بەرز دەنرخێنێت. ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی ڕەخنەگران و بیرمەندانی جیدی، تا هەتایە بە سەر ڕەوشی ڕووناکـبیـری و مـەعـریفـە و داهێنان و نوێخـوازی و پێـشـەوەچوونـی ژیان هەر دەمێنێت.

* یەکێک لە ڕوانینەکانی "دێرک واڵکۆت" وەهایە: "ئەدەب دەمی زامێک هەڵدەداتەوە، قـووڵتر لەو زامـەی مێژوو هەڵیدەداتەوە"، ئێمـەیش دەتوانین بەم شێوەیە بڵێین: لێکۆڵەر و ڕەخنەگرانی کورد، قووڵتر دەچنە نێو پێکهاتەی دەقەکانەوە؟

– ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، قسەیەکی "**شێرزاد حەسەن**" هەیە، لە یەکێک لە نووسین، یان دیمانەکانیدا خوێندوومەتەوە، یان ئەوەتا لە یەکێک لە چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییەکان لە خـۆیم بیـسـتـووە، گـرینگ ئەوەیە قـسـەکـە نزیکەی بەم شـێـوەیە بوو "پاڵەوانێکم لە چێشتخـانەیەک، یان لە چایخـانەیەک، یان بە ڕێگەیەکدا، لەو کاتەدا کارم بەسـەر ئەوەوە نییە کە چی دەکات و چۆن بە ڕێگەکەدا دەڕوا، لەو کاتەدا کارم بەسـەر ئەوەیە کە بیر لە چی دەکاتەوە". من کاتی خۆی زۆر سەرسام بووم بەم قسەیە، ئێستەیش زۆر بە گونجاوی دەبینم، کە بیگونجێنم لەگەڵ ئەم پرسیارەی ئێوە و گوتەکەی دێرک واڵکۆت.



منیش پێـمـوایە "ئەدەب دەمی زامـێک هـەڵدەداتەوە، قـووڵـتـر لەو زامەی مێژوو هەڵیدەداتەوە"، ئەگەر بشگەڕێینەوە سـەر قسـەکەی "شـێرزاد حـەسـەن"ی چیرۆکنووس، دەکرێت خـوێندنـەوەیەکی لەم

چەشنەی بۆ بکەین و بە هەمان دەرئەنجامیش بگەین، بەو مانایەی ئەگەر هەڵسوکەوت و جووڵەی کەسەکان بۆ مێژوو جێ بێڵین و دیوی ناوەوە و خەون و خەیاڵ و غەریزە و بیرکردنەوەکانیش بۆ ئەدەب، ئیتر بەو ئاکامە دەگەین کە بۆ مرۆڤ و ڕووداوەکان، ڕەسمکردن و خوێندنەوەی دیوی دەرەوە بۆ مێژوو، ڕەسمکردن و خوێندنەوەی دیوی ناوەوەش بۆ ئەدەبە، چونکە لە بنەڕەتەوە بەشێک لە ئەرک و مەهامەکانی مێژوو، کار و ئەرک و مەهامێکی کرۆنۆلۆجییە، زیاتر نووسینەوەی ڕووداوەکان و کات و شوێنی ڕووداوەکان و کەسەکان و زیانەکان و دەستکەوتەکان و... .

هەر ڕووداوێک بە قەبارەی ڕووبەرەکەی خۆی، دوو دیوی هەیە، دیوی دەرەوە و دیوی ناوەوە، بۆ نموونە کارەساتی جینۆسایدی "ئەنفال"، کارەساتەکە لە چ سەردەمێک بوو؟ لە دژی کێ بوو؟ بکەرەکان کێ بوون؟ هۆکارەکان چی بوون؟ ئەنجامدانەکەی بۆ چ مەبەستێک بوو؟ زیانی کارەساتەکە چەند بوو؟ چارەنووسی کەسەکان بە کوێ گەیشت؟ زۆر پرسیار و گۆشەی تر هەن، دەکرێ ئەمە کاری مێژوو بێت و مێژوونووس بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە بیانووسێتەوە، بەڵام لەو کاتەی کەسەکان دەستگیر دەکرێن، نووسینەوەی قیژە و هاوارەکانیان، ترس و فۆبیا و نیگەرانییەکانیان، لەرزینی دەمارەکانی لێو و جەستە و ڕوحیان، وشکهەڵاتن و زەرد و سپی هەڵگەڕانی ڕەنگی پێستیان، گرمۆڵەبوونەوە و چوونە نێو باوەشی یەکتری، چرپە و هەنسکەکانیان، نوزانەوە و سەردولکە و لاوژەکانیان، نەخەوتن و کابووسی شەوەکانیان، لە کاتی تیربارانکردنیان، ڕاوەستان و بەربوونەوەیان، میز بەخۆداکردنیان، خەون و ئومێدەکانیان و... زۆر شتی تر، ئەم خوێندنەوە سایکۆلۆجی و دەروونییانە کاری ئەدەبن، نەک مێژوو، قسەمان لەسەر گرینگی نییە.

ڕۆشنە کە ڕۆڵی مێژوو چەندە گرینگە، چەندە ئەرکێکی چارەنووسساز و لە هەمان کاتیش مرۆڤایەتییە، ئەدەبیش بە هەمان شێوە، بەڵام لێرە قسەمان لە هەڵدانەوەی زامەکان بوو، بۆیە بەو ئەندازەیەی کە ئەدەب خەون و خەیاڵ و خەم و خۆزگەکانی مرۆڤ دەنووسێتەوە، قووڵتر دەڕوانێت، لە هەر ڕووداوێکیشدا زامەکان قووڵتر دەنووسێتەوە. لە دواجار، نووسەر و لێکۆڵەرەوە و ڕەخنەگرانی کورد، لەم بارەیەوە درێخییان نەکردووە.



* پێوەندیی نێوان "دەق" و "چێژ" لە نێو ئەدەبی ئێمەدا، تا دێ کاڵ و کاڵتر دەبێتەوە، تا ئێستەیش ئێستگەلێک بۆ ئەم دوو زاراوانە نەکراون لە لایەن ڕەخنەگرانمان، - ئەگەر بڕیارە ڕەخنەگرمان هەبێت-. بۆئەوەی تێکەڵاوبوونێکی ڕەگئاژۆیی بخولقێنین، پێویستە لە کوێوە دەست پێ بکەین؟

– چێژ پێوەندیی بە دوو شتەوە هەیە، یەکەم: پێکهاتەی دەق، واتە زمانی دەق و ستایل و شێوازی دەق.

دووەم: پێوەندیی نێوان دەق و خوێنەر، واتە سەلیقە و توانا و مەعریفەی خوێنەر، هاوکات باری سایکۆلۆجیی خوێنەریش، ئەوەی دوایی کاردەکاتە سەر پێوەندییەکانیش.

مەبەستمە ئەوە بڵێم کە رادەی چێژ لە دەقێکی شیعری، لە لایەن خوێنەرێکی وریا و بە سەلیقە و خاوەن مەعریفەیەکی پێویست زۆر جیاوازە، یان رەنگە زۆر زیاتر بێت لە ئاستی چێژ لە هەمان دەقی شیعری لە لایەن خوێنەرێکی بێ سەلیقە و بێ ئاگا لە هەموو شتێک. دەقی سەرکەوتووش بە هەمان شێوەیە، هەمیشە دەقە سەرکەوتووەکان چێژی زیاتر بە خوێنەران دەبەخشن، بە گوێرەی دەقی سەرکەوتووش زمان کاریگەریی زۆری هەیە، چونکە دەقی پڕ چێژ لە نێو خەیاڵ و زاکیرەی خوێنەر بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دەمێنێتەوە و لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکی تازەیش، خوێنەر چێژێکی تازە وەردەگرێت، ئەمە چ بۆ دەقی شیعری، چ بۆ ژانرەکانی تری ئەدەب وەکو یەکترییە. بۆ نموونە: رۆمان و چیرۆکەکانی "دۆستۆیڤسکی، ئەمیل زۆلا، بەلزاک، یەشار کەمال، پاولۆ کۆیلۆ، چێخەف، کافکا، شێرزاد حەسەن، بەختیار عەلی..."، دەقەکانیان هەر لە لاپەڕەکانی سەرەتاوە خوێنەر دەخەنە ژێر رکێفی دەق و نێو خەیاڵ و رووبەرەکانی دەق، لە هەمان کاتدا چێژێکی زۆریش بە خوێنەر دەبەخشن، ئەمە بە شێوەیەکی گشتی پێوەندیی نێوان چێژ و دەق و خوێنەرە، بەڵام لە بارەی ئەوەی کە تا دێ پێوەندیی نێوان چێژ و دەق لە نێو ئەدەبی ئێمەدا کاڵ و کاڵتر دەبێتەوە، پێم وانییە وەهابێ. ئێمە نابێت تەنیا لە دەقی شیعرییەوە تەماشای هەموو پانتاییەکانی ئەدەب بکەین، ئەگەر ئەو گومانەمان لەوەوە بۆ دروست بووە کە خوێنەری شیعرمان کەمە و خوێنەر وەک پێویست لەزەت لە شیعری ئێستە نابینێ بە هۆی چڕی زمانەوە، دیارە من رازیم بەوەی کە خوێنەری شیعر لە بەرامبەر خوێنەری رۆمان، یان بینەری سینەما کەمترە، بۆ ئەمە لە هەموو دنیادا رەوشەکە وەهایە.

لە ئەمریکا و کەنەدادا، تا دیوانە شیعرێک دەکەوێتە بازاڕەوە، بە سەدان رۆمان دەردەچن، تا دیوانە شیعرێک دەخوێندرێتەوە، بە هەزاران رۆمان.



لە لای ئێمەش لە دوای راپەڕینەوە هەم نووسەری رۆمان زیادی کردووە، هەم خوێنەریش، لە بارەی چڕیی زمانیش لە شیعردا، دەبێ سەرچاوەیەک بێ بۆ بەخشینی چێژی زیاتر، چونکە لە رێگەی چڕییەکەوە بەدواداچوون و گەڕان و قووڵبوونەوە زیاتر دەبن و لە

ڕێگەی ئەم گەڕان و قووڵبوونەوە و زۆر مانەوانەوە، لە نێو پانتاییی دەقدا سەرسامی و پرسیارەکانی زێتر دەبن و کۆدەکان و هێماکانی زیاتر بۆ دەبنەوە و چێژی زیاتریش وەردەگرێت.

لە بارەی ئەوەی کە ڕەخنەگرانمان وەک پێویست گرینگییان بەم چەمکانە نەداوە و لایان لێ نەکردووەتەوە، لە پێشدا قسەمان لەسەر ڕەخنە و ڕەوشی ڕەخنە کردووە و گوتمان: هەوڵەکان وەک پێویست نەبوون، ئەوە بۆ هەموو چەمکێک و بۆ هەموو بوارێکیش وەهایە، بۆ نموونە: بەرامبەر بە سینەما کەمترین دیراسە و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی سینەمایی نووسراون، لە بارەی شانۆ و هونەری تەشکیلی و زمان و بابەتی سایکۆلۆجیش بە هەمان شێوە... تا.

ڕەوشی ڕوناکبیری و کتێبخانەی کوردی لەم بوارانەی سەرەوە کە باسم کردوون، زۆر لاواز و هەژارە، هەرچەندە لە دوای ڕاپەڕینەوە هەوڵەکان هەمەلایەنتر و ڕوو لە پتەوتربوونن، بەڵام هێشتا وەک پێویست نییە، ئەگەر بەراوردێکی خۆمان بکەین لەگەڵ کۆمەڵگە چالاک و ئاکتیڤەکان.

* دەق دەتوانێ ببێ بە ئەڵتەرناتیف لە بەرامبەر نامۆیی و بێزاریدا، تا دەقنووس لە سەروەختی تەنگانەدا دەستی بۆ ببات؟

– چەمکی نامۆیی، چەمکێکی قووڵە، قسەی زۆر هەڵدەگرێ، پێوەندیی بە زۆر هۆکارەوە هەیە، بۆ نموونە: مرۆڤ و داوونەریت، مرۆڤ و ئاین، مرۆڤ و واقیعی کۆمەڵایەتی، مرۆڤ و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، مرۆڤ و بیروباوەڕی سیاسیی، مرۆڤ و دەسەڵات، مرۆڤ و تەکنەلۆجیا و...، هەریەک لەمانە جیاواز لە یەکتری، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی خۆیان هەیە لەسەر بیرکردنەوەکان و خەون و خەیاڵ و نامۆییی مرۆڤ.

نامۆیی و بێزاری پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە یەکترییەوە هەیە، بۆ نموونە: کەسی نامۆ هەمیشە بێزارە و کەسی بێزاریش زۆرجار نامۆ دەبێت. پێوەندیی ئەم بارە دەروونییەی دەقنووس بە دەقەوە، یان ئایا دەق دەبێتە ئەڵتەرناتیف و یارمەتیدەر بۆ نووسەر، لە کاتی نامۆیی و بێزاریدا؟ وەکو باسم کرد؛ نامۆیی و بێزاریی پێوەندییان بە زۆر شتەوە هەیە، من باوەڕ ناکەم دەق ئەو دەسەڵات و هێزە خوایی و هێزە خەیاڵییە بێ و بتوانێ یارمەتیدەر و وەڵامدەرەوەی گونجاو و بەردەوامی هەبێ بە باری دەروونی کەسێکی نامۆ و بێزار، بەو مانایە دەتوانم بڵێم: وەکو دەرمانی



"بێهۆشکار"، رەنگە بۆ ماوەیەکی کاتی وەلامدەرەوە بێت، چونکە –بە تایبەت شاعیر– لە کاتی نووسینی دەقەکەدا، رەنگە تا ئاستێک مەست و حەیران بێت بۆ ماوەیەک، هاوکاتیش خۆی ون بکات لە نێو بیرکردنەوە و خەون و خەیاڵەکانی، بۆ ماوەیەکیش خەم و نامۆیی و بێزارییەکانی لە بیر بچێتەوە، لەگەڵ شتە جوانەکان لە ژوواندا بێت، خەونە جوانەکان و مەراقە خۆشەکانی خۆی لە باوەش بگرێت و بیانلاوێنێتەوە، لە واقیعی "باو" دوور بکەوێتەوە و لە فرێندا بێت، بەلام ئەمە ئەڵتەرناتیف و وەلامدەرەوەیەکی کاتییە.

کاتێک نووسەر لە نێو خەونە خۆشەکانی نێو پانتایی و قووڵاییەکانی دەق بە ئاگا دێتەوە، ئەوکات زیاتر هەست بە نامۆیی و بێزارییەکانی دەکاتەوە، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی ناتوانین بڵێین: وەلامدەرەوە و ئەڵتەرناتیڤە، چونکە ئەڵتەرناتیڤی گونجاو و دروست و بەردەوام گۆڕانی هۆکارەکانە، ئەو هۆکارانەی لە سەرەوە باسمان کردوون.

تەکنەلۆجیاش کاریگەریی زۆری هەیە لە سەر نامۆیی و بێزارییەکان لە دنیای هاوچەرخدا، لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆجیادا دەبینین کە پێوەندییە کۆمەلایەتییەکان بەرەو لاوازی و داتەپین رۆیشتوون، مرۆڤ زیاتر لە نێو بازنە داخراوەکان و تەنیاییدا قەتیس ماوەتەوە، زیاتر ژیان بەرەو ئاراستەی ئیندیڤیدوێل دەڕوا، واتە: ژیان بەرەو تەنیایی و تاکەکەسێتی دەڕوا، ئەمەش وەهای کردووە کە لەم جۆرە پێوەندییە کۆمەلایەتییانە، مرۆڤ لە باری روحییەوە، هەمیشە هەست بە نامۆیی و بێزاری بکات.

* رۆشنبیرانی کورد توانیویانە بە کەرەسەی مۆدێرن و چەمکە جیهانییەکان، دۆخی گشتیی ئێستەی کوردستان بخوێننەوە و قەیرانەکانی بەرەو چارەسەر پەلکێش بکەن؟

– لە نێو کورددا رووناکبیر و رەخنەگری وشیار و جیدیمان هەن، کە زۆر مۆدێرنیستانە و پێشڕەوانە و جەریئانە دۆخی کوردستان دەخوێننەوە و رەخنەکانیان لە بەرامبەر دەسەلات و سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و پەروەردە و فێرکردن و زانکۆکان و چەمکی دیموکراسی و ئازادیی تاکەکەس و رەوشی رووناکبیری، تەنانەت قسەکردن لە ئایندەی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنی و... زۆر شتی ترش هەبووە، ئەمانەیش گوتارەکانیان بە دیدێکی زۆر رۆشن و مەدەنیانە دەرکەوتووە، واتە: رەخنە و شیکار و روانگەکانیان دەخەنەڕوو، هەندێک لەو روناکبیرە بەرچاو رۆشنانەیش کە جێگەی مەبەستی منن، هەقی خۆیانە ناوی هەندێکیان بێنم، لەوانە: "مەریوان وریا



قانیع، ئاراس فەتاح، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، بەختیار عەلی، عەبدولموتەلیب عەبدوڵا، کاروان عومەر کاکەسوور، ڕێبین ئەحمەد هەردی و... ..." چەند تاک و تەرایەکی تر، بەڵام کارەسات و ئافاتی میللەتی ئێمە لێرەوەیە کە لە کۆمەڵگەیەکی شەش ملیۆنیدا، شەش ڕووناکبیر و شەش ڕەخنەگری جیدیمان هەبێ. پەلکێشکردنی قەیرانەکانیش بەرەو چارەسەرکردن، ئەمەش کاری ڕەخنەگر و روناکبیرەکانمان نییە، من ئەگەر لێرەدا نموونەیەک بهێنمەوە، وەک ئەوەی دەبینم روناکبیر و ڕەخنەگرانمان دەتوانن لە سەرچاوەکەوە ئاوەکە بپاڵێون و روونی بکەنەوە، بەڵام ناتوانن، کاری ئەوانیش نییە ئاڕاستەی جۆگەکان بگۆڕن، بۆیە ئاوە پاڵێوراو و روونەکە تێکەڵ بە هەمان سەرچاوەکانی دەسەڵات و سیستەمی باو دەبێتەوە.

* لە نێو رۆشنبیرانی ئێستەی کوردستاندا کۆمەڵێک گرووپ ئامادەییان هەیە، ئێمە دەتوانین بڵێین ئەمانە بنەمایەکی تەندروستیان هەیە بۆ درێژەدان بە کارەکانیان؟ بۆچی ئەم گرووپانە هەر دەمێک و کەسێک وەک "رۆشنبیری گەورەی کورد" دەناسێنن؟

– بەر لە هەر شتێک، دەمەوێ ئەوە بڵێم: بە هۆی دووری و سەرقاڵیمەوە زۆر ئاگەداری ئەو گرووپ و دەستە و تاخمانە نیم، کە بەڕێزتان باسیان دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا، من بۆ خۆم پشتیوانی لە هەر گرووپ و کەسێک و دەنگێکی تازە و نوێخواز و داهێنەرانە دەکەم، هەر دەنگێک و هەوڵێکی نوێ و پێشڕەو و مۆدێرن، کە مایەی خۆشحاڵی و دڵفرازیم بێ. دوای ئەوەش، هەر گرووپ و کەس و لایەنێک ئازادن کێ بە ڕووناکبیر و داهێنەری گەورە دەناسێنن، لەم بارەیەوە نابێت هیچ نیگەرانییەکمان هەبێ، چونکە چۆن ئازادی بۆ خۆمان بە ڕەوا دەبینین، پێوستە بۆ بەرامبەرەکەشمان بە هەمان شێوە بیبینین، بەڵام دیسانەوە دەمەوێ لەوە دڵنیاتان بکەمەوە، ئەگەر کەسێک خۆی ڕووناکبیر و داهێنەر نەبێ، هەموو دنیا و هەموو دەزگەکانی ڕاگەیاندن، هەموو کەسەکان و گرووپەکان بچنە پشتی و دەهۆڵی بۆ بکوتن، من بە دڵنیاییەوە دەڵێم: هەموو هەوڵەکان و ناوهێنان و لەسەر یەکتری نووسینەکان، هەموو دەهۆڵەکان وەک بڵقی سەرئاو دەبن و هیچی تر، بۆ دوایین قسەشم حەز دەکەم ئەوە بڵێم: دنیای داهێنان و ئافراندن هێندە بەرین و فراوان و قووڵە، جێگەی هەموو کەس و گرووپ و دەستە و تاقم و دەنگێکی تێدا دەبێتەوە.



* نووسەران هەمیشە لە سەفەرێکدان لەگەڵ خۆیان و دنیادا، ئاخۆ تۆ لەو سەفەرەتدا بە کوێ گەیشتووی؟

– من چارەگە سەدەیەکە دەنووسم، بەڵام راستەوخۆ لە دوای راپەڕینەوە نووسین و بەرهەمە شیعرییەکانم بڵاوکردوونەتەوە. بەو مانایەی چارەگە سەدەیەکە لە نێو دنیایەکدام کە بە تەواوی مانای وشە هەست بە ئارامی و رەهایی و ئازادی دەکەم، لەوێدا هەموو شتەکان جوانن، وەکو خۆیان هەموو شتەکان ناسک و رەنگین و سەرنجڕاکێشن، وەکو خۆیان هەر جارەی پێم دەنێمە نێو رووبەرەکانیان، لە نێو پانتاییە قووڵ قووڵەکانیان سەرخەوێک دەشکێنم، ئومێدی ئەوە دەکەم بۆ تا هەتایە لەم خەوە خۆشەم بە خەبەر نەیەم، لەوێدا تەنانەت مەرگ و یاخیبوون و نیگەرانییەکانیش جوانن، هەموو شتەکان جوانن، بە ئەندازەی بەفر و گیا و پەپوولە و شەونم، هەموو شتەکان جوانن، بە ئەندازەی ئاو و درەخت و خاک. لە سەفەری نێو ئەم دنیا پڕ لە سیحر و جوانییەدا بە کوێ گەیشتووم؟ هەر هێندە هەیە: لە ئێستەدا دەتوانم بڵێم کاتێک بە نێو دەریا قووڵەکانی ئەم دنیا جوانەدا شۆڕ دەبمەوە، یان بۆ نێو ئاسمانە بەرزەکانی، بە نێو هەورە سپییەکانیدا رەت دەبم، نامۆیی و هەستە تەنیاکانم زیاتر دەبن، تەنیاییەکی کوشندەتر لە ناخی موسافیرێکی دەشتە کاکی بە کاکیەکانی مەملەکەتی غوربەت، تەنیایی و نامۆییەکی کوشندەتر لە پێدەشت و روحە پڕ لە برینەکەی عاشقێکی دڵشکاو، هەستە نامۆ و تەنیاکانم لەم دەقە شیعرییانەی ئەم ساڵانەی دواییمدا بە ئاشکرا هەستیان پێ دەکرێت. هەندێ جار لە نێو پانتاییی دەقە شیعرییەکانم خۆم وەک سوارچاکێکی یاخی و سەرشێت دێتە پێش چاو، یاخی لە بوون و لە ژیان و لە ئایندەم، لە هەموو شتێک، یان وەکو کەسێکی نیهلیست، ژیان و هەموو شتێکم هیچ و پووچ و بێ مانا دێتە بەرچاو، هەندێ جاریش کە دەقێکی شیعریم تەواو دەبێت و بۆ خۆم وەک خوێنەر دەیخوێنمەوە، لەو دەمەدا بزەیەک دێتە سەر روخسارم، لەگەڵ خۆم و مرۆڤەکەی ناوەوەی خۆم دەکەومە حیوار و گفتوگۆی بێ دەنگ، ئیتر نیگاکانم پڕ ئومێد دەبنەوە و دەڵێم: دەبێ بنووسین و هەر بنووسین، هەمیشە وێنەی ئەو شتە جوانانە بکێشینەوە کە ژیان و بوون بە هۆیانەوە هەناسە دەدەن، دڵنیام رۆژێکیش دادێ ژیان وەک خەونەکانی ئێمە، وەک خەیاڵە شیعرییەکانی ئێمە، وەک خۆزگە و ئومێدەکانی ئێمە جوان و رازاوە دەبێتەوە، مرۆڤیش وەک بوونەوەرێکی پڕ لە بەهاکانی جوانی، پڕ لە بەهاکانی گەورەیی، تەماشای دەکرێت.

